# پرۆژەی بەستنی کۆنفراسێك
# بۆ چارەسەری گرفتی شاری کەرکوك

**جەماوەری شاری کەرکوك‌و دەوروبەری**

**ڕێکخراوەکان‌وحزب‌و لایەنە سیاسیەکان‌و کەسایەتیەکانی ناو شاری کەرکوك**

شاری کەرکوك بە هەل‌ومەرجێکی خەتەرناك‌و ترسناکدا تێپەڕئەبێت، هەل‌ومەرجێك کە وێڕای ئەوەی زەمینەو فەزای تیرۆرو کردەوە تیرۆریستیەکانی بەهێزکردوە، هاوکات بەڵاو نەگبەتیی شەری قەومی لەپەنای شەڕی تائیفیەوە کردوەتە ئەگەرێکی بەهێزو خەریکە زەمینەی بۆ خۆش ئەکرێت. نەخشەکانی ئەمریکاو حکومەتی مالیکی‌و خودی ئیدارەی پارێزگای کەرکوك‌و حزبەکانی کوردستان‌و عێراقیش نەك هەر نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە، بگرە هەندێکیان خۆیان بەبەرنامەو نەخشەکانیان وەزعیەتەکەیان ئاڵۆزترو نالەبارتر کردوەو بارگرژیەکەیان زیاتر کردوە، وەخەریکە ئەم فەزای بارگرژیە بۆ ناوخەڵك ئەگواسترێتەوەو ئەگەر بەرییێنەگیرێت ئەوا شاری کەرکوك بەچەشنی ئێستای شاری بەغدای لێدێت‌و ئارامی‌و ئاسایشی تیانامێنێت.

ئێمە سەرباری ئەوەی کە داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بە هۆکاری سەرەکی ئەم وەزعیەتەی عێراق بەگشتی‌و کەرکوك بەتایبەتی ئەزانین، هاوکات هەڵوێستی ئۆپۆرتۆنیستی‌و خۆویستی ژمارەیەك لە حزبەکانیش هۆکاری درێژە کێشانی وەزعیەتەکەیە. بۆیە پێمان وایە بەنزیك کەوتنەوەو دیالۆگ‌و پلیمیکی سیاسی‌و گفتوگۆ لەسەر لایەنە جۆراجۆرەکانی کێشەکە، لەلایەن کەسایەتیەکان‌و ڕێکخراوو حزبەکانی ناو شاری کەرکوك، ئەکرێت زەمینەی چارەسەری کێشەکان‌و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی کەرکوك، ڕێگایەك کە کەرکوك بکاتە شاری هەموان‌و پێکەوەژیانی هەموان، شارێك بێت کە مافی یەکسان بۆسەرجەم هاوڵاتیانی دابین بکرێت‌و تەنها پێناسەی ئینسانی بکرێت بەبەری دانیشتوانەکەیدا.

لەم پێناوەداو بۆئەوەی بتوانین بەربگرین بەشەڕو هەڕەشەی قەومی، بۆئەوەی ڕێگەنەدەین شاری کەرکوك ببێتە مەیدانی تەراتێنی دەزگا سیخوڕەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان، بۆئەوەی کەرکوك نەبێتە مەیدانی کردەوە تیرۆریستیەکان، وەبۆئەوەی کەرکوك شاری پێکەوە ژیان‌و ئینسانیەت بێت‌و ڕیفاهیەت‌و خۆشگوزەرانی بەشی دانیشتوانەکەی بێت، بانگەوازی بەستنی کۆنفرانسێکی سەراسەری لەسەر ئاستی شار ئەکەین، کەسەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو حزبە سیاسیەکان‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و نوێنەرانی سەرجەم دام‌ودەزگاو کارگەو فەرمانگەکان‌و کەسایەتیەکانی شاری کەرکوك‌و دەوروبەری، تیایدا بەشداری بکەن‌و بڕیار لەسەر ئایندەی ئینسانی شارەکە بدەن‌و، بەرنامەی پاراستنی دابڕێژن، وەسەرەنجام ئیدارەی شار بدرێتە دەست کەسانێك کە بەهەق ئەیانەوێ‌و بتوانن خزمەت بکەن‌و فەزاری ئارام‌و پێکەو ژیان دابڕێژین.

وە بە بڕیارێکی ئینسانی‌و مەدەنی، سەرجەم ئاسەوارەکانی ستەمی میللی‌و شۆڤێنیستانەی ڕژێمی بەعس‌و فەوزای پاش ڕووخانی ئەو ڕژێمە، چارەسەر بکەین. وە ڕێگە بۆ ئارامی‌و ئایندەیەکی ئینسانی‌و خۆشگوزەران بۆ سەرجەم دانیشتوانی شار خۆش بکەین.

بەشداری کردن لەم کۆنفراسە کە بانگهێشتی نوێنەری حکومەتی ئەمریکاو بەریتانیای لەعێراق تیادا کراوە، نیشانەی بەجدی وەرگرتنی مەترسیەکانی بەردەم ئایندەی شاری کەرکوکەو بەڵگەی ئامادەییە بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشە دەرەکیەکان. وە بێگومان بەشداربووانی کۆنفرانس لەجێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارو پەسەندکراو و بەرنامەکانی داهاتووی کۆنفراسدا بەشدارئەبن.

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنفراسی کەرکوك بۆ نەهێشتنی توندوتیژی‌و زامنکردنی ئارامی‌و خۆشگوزەرانی**

2006-12-14

تێبینی: ئەم دەقە پرۆژەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە، بۆ بەستنی کۆنفراسێك سەبارەت بە شاری کەرکوك‌و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەری گرفتەکانی لەلایەن خەڵکی شارەکەوە، دیارە کە دەقەکەی دەدرێتە گشت حزب‌و لایەنە سیاسیەکان‌و ڕێکخراوو کەسایەتیەکانی کەرکوك، وەقسەوباس لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەکرێت‌و ئەکرێت بەندی زیاتریشی بۆ ئیزافە بکرێت. هەرکەس‌و لایەنێك خۆی بەشەریك بزانێت لەگەڵ چوارچێوەی ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەدا ئەتوانێ ببێتە بەشێك لەلیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە.